کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
13-5-2007 22:37بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# بارزانی و یەکێتی پەرلەمانی ئەوروپا (برۆکسل) .. !. م. حەمید عەزیز

ئەو تەوەرانەی دەبێ گفتوگۆی لەسەر بکرێ لەم بابەتەدا سێ هێڵی سەرەکین:

1/ بارزانی و یەکێتی پەرلەمانی ئەوروپا (برۆکسل) .
2/ تورکیاو شەڕی عەلمانی یەت یان بە ئەندام بوون.
3/ نامەی تیرۆرستان و وەڵامێک بۆ بەرزانی.

1/ بارزانی و یەکێتی پەرلەمانی ئەورووپی (برۆکسل) :



چارەنووسی ئێستای کورد زۆر گرنگەو دەبێ لەو بەرتەسکی و ناوخۆیی و لۆکاڵە بچێتە دەرەوەو ببێ بە کێشەیەکی جیهانی و دوور لە بیرکردنەوەی ڕەگەزو ئاین و نەتەوەو.. هتد. چونکە کورد یان کوردستان هەر تەنها باشوور نی یە بەڵکو دەبێ خەمی ڕۆژهەڵات و باکوورو ڕۆژئاواش بخورێت. لەوانەیە پارتە ئیسلامی یەکانی کوردستان ئەوانەی ئەندامیان لەپەرلەمانی کوردستان هەیە لایان خۆشتربێت پەیوەندی لەگەڵ سعودو ئێران بکرێ لەباتی ئەوروپا باشتربێت بەتێڕووانینی مەزهەبیانەی خۆیان بەڵام لەوانەشە هەندێکیان بەوشێوەیە بیرنەکەنەوە. بۆیە دەبێ کێشەی کورد بەجیهانی بکرێ چونکە لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە گەلێ زۆرین و ئەگەر سەرژمێری یەکی تەواو هەبێت لەوانەیە خۆی بدات لە 45 ملیۆن مرۆڤ بۆیە پێویستە لێپرسراوانی کوردستان دۆستایەتیش لەسەر ئاستی جیهانی و وڵاتە گەورەو زلهێزەکانی دنیا بکەن چونکە ئەمڕۆ کاری گەورەی تەکنەلۆژیا و زانست و مرۆڤ دۆستی لەئارادا هەیە بۆیە پێویستە خۆمان بەکەمتر نەزانین لە دنیای دەرەوەو شۆڕشێکی نوێی گەیاندن و زمانی گفتوگۆو خۆپێشاندانمان لەڕووی ئەکادیمی و ئاشتی خوازی و شێوازی فیکری نوێی ئازادو سیستمی دیموکراتی و ژیان و فیکری مەدەنی و بە هۆش و بیری مۆدێرن و نوێگەری یان نوێخوازی خۆ بناسێنین بە دنیاو بەتایبەت لە ئەورووپاو ئەمریکادا چونکە کوردستان و ئەورووپا یان ئەمریکا لەیەک ئاستداین لەباری دژە تیرۆرەوە بۆیە سەنگەرمان یەکە کەواتە دەبێ حیساب بۆ ئەوە یەک سەنگەری یە بکرێ. هەربۆیە ئەرکێکی مێژوویی و کوردایەتی یە کە پارتە سیاسی یەکانی بەشەکانی تری کوردستانیش خۆیان باشترو چالاکانەتر ئامادە بکەن و پەستانێکی زۆر بخرێتە سەر وڵاتانی تورکیاو ئێران و سوریا لەباری ڕامیاری و چالاکی کوردانی دەرەوەی وڵات. کاروکردارو پیشەو بیرکردنەوەو جموجۆڵی پارتە ڕامیاری یەکانی بەشەکانی تری کوردستان و دەسەڵاتی کوردی و (حکومەتی هەرێمی کوردستان) پێچەوانەی ئەو نامەو بروسکانەی دووژمنانی کورد بێت کە چەندین ساڵە ئەوان تووانای گەیاندنی دەنگیان خستۆتەکارو ئەرکی ناساندنی کوردیان بەشێوەیەکی ناشرین و تاریک نیشانی جیهان داوەو زۆر نامرۆڤانە ئەرکی شێواندنی مێژووی میللەتی کوردیان بۆ مەرامی خراپی خۆیان خستووەتە کار لە نموونەی هەرە چالاکییان وڵاتی ئەتاتورکە کە مافی 22 ملیۆن مرۆڤی کوردی پێشێل کردووەو یاری پێ دەکات و پێیان دەڵێت: (تورکە شاخاوی یەکان) چونکە دان بە هەبوونی کوردا نانێت. بۆیە دەبێ دەسەڵاتی کوردی گرنگی بەڕامیاری دەرەکی (السیاسه الخارجیه) بدات و میللەتی کورد وەکو نەتەوەیەکی هەقخوازو تینووی ئازادی و ژیان و دیموکراتی و سیکۆلارو مەدەنی بناسێنێ بەدنیای پێشکەوتوو ئەمەش دەبێتە کارێکی زۆر گرنگ و بنەمایەکی ڕامیاری بەهێز

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بۆ هەرچوار پارچەی کوردستان. ئەوەش بە پەرەپێدان و چاککردنی ڕامیاری ناوەکی (السیاسه الداخلیه) دەبێت و بەشێوەیەکی ڕاست و دروست ئازادی و یەکسانی و ماف و.. هتد بچەسپێندرێ و یەکگرتن و یەک بوونیش لەنێوان پارتە ڕامیاری یەکوردستانییەکانیشدا ببێ و برایەتی و لەیەک حاڵی بوون لەنێوان کوردستانی گەورە هەبێت. دەنا ئەو ڕامیاری و خەباتەی کورد بەبێ یەکبوون هەڵەیەکی گەورەیەو سەقەتەو نابێتە پایەی ڕاگیرکردنی هیچ ڕزگاری یەک و سەربەخۆی یەک و لەدووایشدا هیچ دەسەڵاتێک لەدووای ڕزگاربوون. چونکە ئێمەی کورد هەموو بوارەکانمان تاقیکردەوە سوودی نەبوو بەڵکو بەپێچەوانەوە دووژمن دڵخۆشکەر بوو. ئەو دەسەڵاتەیشی کە هەمیشە پارەو پلەو پایە تەخشان و پەخشان دەکات و خەڵک و هێز کۆدەکاتەوە بۆ مانەوەی خۆی و دەرچوونی لەهەڵبژاردنی وولات یان هەر مەرامێکی تر بەپێچەوانەوە ئەو دەسەڵاتە دەبێ ڕامیاری هەبێ (سیاسه الدوله) ڕامیاری وولاتیش برێتی یە لە: پەیڕەوو پرۆگرامێک کە ڕستەیەکی گرنگ بێت لە دەستوری ئەو وولاتە یان ئەو پارتە تیایشیدا هاتبێ کە ڕێزگرتن و نرخاندن و یەکسانی و ماف و ئازادی بۆ تاکی کۆمەڵگاو ڕێزو نرخاندنیش لەسەر بنچینەی مەزهەبی، چینایەتی، نەتەوەیی، تیرەگەری نەبێت وەهەروەها ماف و ئازادی بەشێوەی پراکتیکی دەستەبەر بکات و بچەسپێنێ (تگبیق) بۆ خەڵک ئەوکاتە ئەو دەسەڵاتە خۆی بەهێز دەبێت و خەڵکیی خۆی بەخۆشحاڵی یەوە لەدەوری ئەو پارتە یان ئەو دەسەڵاتە کۆدەبێتەوەو دەنگی بۆ دەدات. نەک تەنها دروشمی بەتەماین و ئەیکەین و دەبێت و ئینشاالله و خواکەریمەو هیچیش دیارنەبێت تەنها خەڵەتاندن و کات بردنەسەرو کارەکان لەبەژەوەندی دەسەڵات خۆی بێت و خزمەتی خەڵکی تێدانەبێت. لێپرسراوێکی پارتێکی گەورە لەسلێمانی سێ ساڵە لەسەریەک دەڵێ: ساڵێکی تر کارەبای سلێمانی چاک دەبێت.. !!. دەبێ هەموومان بزانین و بەتایبەت ڕامیاری زانەکانمان کە درۆکردن و خەڵەتاندن بەری کوورتە و ئەنجامی خراپی دەبێت و بەدەردی هەمان تاسو حەمامی بەعس دەچین. لێپرسراوانی کورد لەبەرژەوەندی دوژمن کارنەکەن باشە، بۆ نمونە ئەگەر ڕۆژنامەوانێ یان نوسەرێک عەیبێکیان باس بکات یان ڕەخنە لەدەسەڵاتەکەیان بگرێت ئەوانیش شەو خەڵک بنێرن بۆئەوەی بیترسێنن و دووایش بەڕاستی لێدان و فڕاندن و ئەو جۆرە کردەوانە کاری دەسەڵاتە تاکڕەوەکانە و لەکورد ناوەشێتەوە و دوورکەوتنەوە لەوکارە باشترە چونکە باشووری کوردستان لەسەرەتای فێربوون و مومارەسەی دەسەڵاتەو نابێ هەر لەسەرەتاوە میللەتی خۆمان سەرکووت بکەین چونکە هیچ وولاتێک بەتووندڕەوی و تاکڕەوی و دیکتاتۆری سەرنەکەوتووە. ئاشکرایشە کوا ئەنجامی باشی دەسەڵاتە شۆڤێنی و تاکڕەوەکانی سەرۆک و پاشاکانی کەنداوو ئەوانەی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و مۆسۆلۆنی و ستالین و شاوشیسکۆو هتلەرو سەدام و خومەینی و ئەتاتورکو ئەلئەسەدو.. هتد.

سەردانی بەڕێز بارزانی بۆ ئەورۆپاو پەرلەمانی ئەوروپی (برۆکسل) لەبەرواری 5/8 / 2007 وەرچەرخانێکی مێژوویی گەورەیە بۆ کردنەوەی دەرگای ناساندن و پێشکەوتن و نزیک بوونەوەی گەلی کورد لەباری ڕامیاری، کۆمەڵایەتی، ئابووری، شارستانی و مرۆیی.. هتد. لەگەڵ گەلانی جیهانی یەکەم. چونکە لەدێرزەمانەوەو نزیکەی پتر لەسەدەیەکە 100 ساڵ دۆستایەتی لەگەڵ دراوسێکان و موسوڵمانەکانی ڕۆژهەڵات دەکەین هەتا ئێستاش بێ سوود بووە لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دراوسێیانەی هەمانە بۆنی کووشتن و قەتڵ و عامەکانی کوردییان کردووە ئاگایان لەهەموو ئازارەکانمان بووە کەچی بۆ یەکجاریش بەرگرییان لێنەکردووین کە وەکو خۆیان مرۆڤ و هەمان ئایین و هەمان کلتورو.. هتد. ئەورووپاش دەستی تاوانیان هەیە بەرامبەر بەئێمەو کە هەمیشەش یارمەتی دەری دوژمنانی کورد بوون بۆنمونە: ئەڵمانیا و ڕوسیا زیاتر لە 40 ساڵە چەک و کۆمەک پێشکەش بە عێراق دەکەن و ئەو کیمیایی یەی (بۆمبی کیمیاوی) کە درا بەسەری هەڵەبجەو خەڵکەکەیدا چەکی ئەڵمانی و ڕوسی بوون. ڕوسیا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

نزیکەی 28 ساڵە کۆمەکی چەکی سەربازی پێشکەش بەئێران دەکات.. هەموویشیان دەزانن کەئەو چەک و تەقەمەنییانە هەمووی دەدرێ بەتەوقی سەری کوردانداتەنانەت ئەمریکاش خۆی کە دووجار لەرزگاربووندا بووین پشتی تێکردووین و جارێکیشیان کە شۆڕشی 1974 ە بەپلانی ئەو بوو بەڵام بەجێ بەجێ کردنی سێ وڵاتە تاک ڕەوو دیکتاتۆری یەکەی ئێران و ئێراق و جەزائیر بوو کە گەورەترین شۆڕشی کوردیان شکست پێ هێنا چونکە ئەوکات ئەو سێ وڵاتە دۆستی ئەمریکا خۆی بوون. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە هەموو ئەوروپا دووژمنی کوردبن بۆیە ئەمە لێپرساوێتییەکی مێژوویی گەورەیە کەلەسەر شانی نەتەوەی کوردو سەرکردەکانی دایەو زۆر گرنگە کەبزانین چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەوروپا دەکەین و بەتایبەت دۆستەکانمان. ئەم سەردانەی بارزانی گرنگی خۆی هەیەو هەناسەیەکی نوێ دەبەخشێ بە میللەتێکی شەکەت و ماندووی دەستی زوڵم و بن دەستی کە نەخۆشی یەکی کووشندەو گەورەیە. دەسەڵاتدارانی کورد لە باشوور دەتوانن کارێکی وا بکەن کە هەم ئەوروپاو هەم وڵاتانی تری جیهان کوردستان و دەسەڵاتەکەی بەچاوی هەرێمێکی سەربەخۆ یان وڵاتێکی سەربەخۆ تەماشا بکەن و حیسابی بۆ بکەن وە هەروەها میللەتی کوردیش وەکو قیبلەی خۆیان لێی بڕوانن. بەڵام بەڕاستی ئەو سەفەرو خۆناساندن و بەشداری کردنەی بارزانی بۆ ئەوروپاو یەکێتی پەرلەمانی ئەوروپا درەنگ بوو دەبوایە کە کوردستان 16 ساڵە ئازادە زووتر دۆستایەتی و گفتوگۆ ساز بکرایە لەگەڵ ئەوروپادا. بەڵام ئێستاو ئەمڕۆش نەچووە بچێ ئەمڕۆ باشترە لە سبەی.

2/ تورکیاو شەڕی عەلمانی یەت یان بە ئەندام بوون.

لەمێژە تورکیا شەڕی هەموو بوارەکان دەکات بۆ گەیشتن بە ئەندام بوونی لە ئەوروپا بەڵام لەبەر شۆڤێنی یەت و ڕەگەزپەرستی خۆی بیری ئەوەی نی یە کەتەنها وڵاتێکە بەبیری کۆنەپەرستی و ڕەگەزپەرستی کار دەکات و گۆش کراوەو مەحاڵە گۆڕینی. ئەگەر چاوێک لەمێژووی تورک و ئەتاتورک و تورکیا بکەین دەبینین هەمیشە چاویان لەماڵ و خاک و ئاوی خەڵکی بووە نمونەی ئەوەش دەوولەتی عوسمانلی کە لە پێش جەنگی جیهانی یەکەم و دووای جەنگیش چۆن تەماحیان لەناوچەکەو بەتایبەت کوردستان هەبووەو چۆن هاتوون باشوری کوردستانیان داگیر کردووەو تەنانەت ناوی شوێنەکانیشیان گۆڕیووە کە کاتێ داگیریان کردووە. لەڕۆژی 4/24 کە یادی دامەزراندنی پارتی برایەتی تورکومانە (الحزب الاخا و الترکمانی) لەئەستەمبول پایتەختی تورکیا تورکومانەکان و میتی تورکی ڕێپێوانێکیان سازدا بەناوی ڕۆژی دامەزراندنەوە بەڵام لە ڕاستیدا مەبەست لە ڕێپێوان نەبوو بەڵکو کەف و کوڵ و ڕق و کینەیان لێی دەڕژا بەرامبەر بەکورد هەربۆیە ئاڵای کوردستان و وێنەی بارزانییان هێنابوو بۆ ئەوەی لەوێ بەبەرچاوی کامێراکانەوە بیسووتێنن وەکو ئیهانەیەک و هەتکێکی تورکومان بۆ کورد هەر بۆیە ئاڵاو وێنەکەیان سووتاندو مەرامی کۆن و نوێی بەعسێتییان دەمەزەردو تیژ کردەوە. لەوە خراپتر کە پێی هەڵستان تەلەفزیۆنی کەرکوکیان لەناووەوەی کوردستان و لەکەرکوکی کوردان بەڕاستەوخۆ ئەو ڕێپێوان و هەتک کردنەیان نمایش و پیشانی خەڵکی دەدا بۆیە ڕقی پیرۆزی کەرکوک و خەڵکەکەی هەڵساو ئیدانەی ئەم کارەیان کرد. من ئەم پرسیارەم بۆ ڕووی لێپرساوانی کوردە ئایا کە تورکیا بەو شێوەیە هێرش دەکات و پلانی گڵاوی هەمیشە زوخاوی ڕەشی لێ ئەتکێ وەهەروەها سووتاندن و دڕاندنی ئاڵای کوردستان و وێنەی بارزانی بەرامبەر بە بێدەنگیتان چی ئەگەیەنێ؟. ئایا لێپرساوێتی تەنها بۆ کۆشک و پۆزلێدان و فسکە فسک و قسەی زلە؟. ئەگەر بێ دەنگی هەڵبژێرن بەرامبەر پلانە گڵاوەکانی تورکیا و بێچووەکانیان لەناووەوەی کوردستان و عێراق دڵنیابن لەپێشدا کۆشکەکانی ئێوە خاپوور دەبێت. وەهەروەها ماوەیەک لەمەوپێش و لەمانگی 4 دا خەڵکی تورکیا خۆپیشاندانێکی گەورەیان دروست کرد کە هێزو پارتە عیلمانی یەکان ڕێکیان خستبوو داوای ئەوەیان دەکرد عەبدوڵا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

گۆل خۆی هەڵنەبژێرێ بۆ سەرۆکی کۆمارو جارێکی دی تورکیا دەنگ بە پارتە ئیسلامی یەکان نەدات.. !. لەملاشەوە سەرۆک کۆماری نوێی هەڵبژێردراوی فەرەنسا سارکوزی یەکەم ووتەکانی بۆ خەڵکی وولاتەکەی ئەوە بوو دەڵێ: ئێمە بەهیچ شێوەیەک دەنگ بەتوورکیا نادەین ببێتە ئەندامی وولاتانی ئەوروپا چونکە توورکیا زۆری ماوە بە سیستمی دیموکراتی شاد بێت. تورکیا هەموو هەوڵێکی خۆی خستۆتە گەڕ بۆئەوەی ببێتە وولاتێکی عەلمانی بۆئەوەی ئەوکارو عەلمانی یەتە ببێتە هۆکارێک یان یارمەتیدەربێت بۆ زووتر بوون بەئەندام بوونی لە ئەوروپا. بەڵام تورکیا خەیاڵی خاوە تەنها بەعەلمانی بوونی دەووڵەت بچێتە ڕیزی ئەندامانی ئەوروپاوە چونکە ئەو دەبێ دووای هەنگاوی بەعەلمانی بوونی ئەم کارانەی خوارەوە ئەنجام بدات:

* ماف و ئازادی بۆ نەتەوەی کورد.
* ماف و ئازادی بۆ کەمە نەتەوەکانی تر.
* نەهێشتن و لابردنی یان کەم کردنەوەی ئەو هەموو پۆلیس و جەندرمەو زیندانانە.
* نەهێشتنی ئەشکەنجەی جەستەیی و دەرونی لە زیندانەکاندا.
* هەوڵدان بۆ سڕینەوەی بیری ڕەگەزپەرستی چ لەناو دەسەڵات و چ لەناو خەڵکدا.
* سیستیمی بەمەدەنی کردنی هەڵبژاردن و وەلانانی عەسکەرتارێتی و سەربازی کەبەئامانجی سەرکوت کردن و هێرش کردنە سەر نەتەوەکانی تر کار دەکات.
* بوژاندنەوەی ئابووری و نەهێشتنی گەندەڵی.
* گفتوگۆ لەگەڵ بەرهەڵستکارانی (المعارقە) بەتایبەت پارتە ڕامیاری و چەکداری یەکانی کوردو لەسەرو هەموویشیانەوە پەکەکە.
* زۆر وردە کاری تر و کەم و کوڕی تر کەپێویستی بە دراسە کردن هەیە.

3/ نامەی تیرۆرستان و وەڵامێک بۆ بارزانی.

کە سەفەری بارزانی دەستی پێکرد و گەیشتە ئەوروپا لە بەرواری 5/8 هەشتی مانگی پێنج بۆ سبەینێ تیرۆریستان نامەیەکیان نارد بۆ بارزانی و میللەتی کورد کەئەوەش بروسکەیەک بوو بۆ ناڕەزامەندی ئیسلامە توندڕەوەکان و تیرۆریستەکان (القاعدە) و کە کورد نابێ دۆستایەتی لەگەڵ ئەوروپادا بکات، یان ڕەخنەو ناخۆشحاڵێتی خۆیان بەو جۆرەو بەو کارە دەربڕی ئەوەش هەمەجی ترین شێوەی کاری بەربەری یەتە. زۆر بەداخەوە جارێکی تر هەولێری پایتەختیان ڕەش پۆش کردەوەو نزیکەی 15 شەهیدو 80 بینداری لێکەوتەوە. وەهەروەها نامەیەکی تریان نارد بۆ گەلی کوردستان بەڵام ئەمجارەیان لەپایتەختەوە نەبوو بەڵکو لەشارۆچکەی قارەمانی مەخمورەوە بوو لەبەرواری 5/13 کە دووای چوار ڕۆژ لەکارەساتی هەولێری خۆڕاگر بوو کە مەیمەنێکی شێتی تیرۆرو تاریک بین خۆی لەئۆتۆمۆبیلێکدا تەقاندەوەو بووە هۆی شەهید بوونی 36 کەس و بریندار بوونی 120 کەس کە ئەمەش کارێکە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا یەکەمین جارە کە مرۆڤە نائاسایی یەکان بەو شێوەیە شۆڕش بکەن و نامەی خۆیان بگەیەنن کە شەرمە ناوی مەیمون یان شەمشەمەکوێرەیان ناو بنێین. ئەوەی شایانی باسە میللەتی کورد هەزاران شەهیدی داوە بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان باوەڕناکەم ئەم کارە تیرۆریستییانە کاری تێ بکات. شارۆچکەی قارەمانی مەخمور لەساڵی 1932 بۆتە قەزاو خاوەنی سەدان شەهیدەو شارۆچکەیەکی خۆڕاگری کوردستانی یە ئەوەی شایانی ووتنە بەهیچ شێوەیەک ئەم جۆرە کارانە لە وورەی مەخمورو خەڵکی قارەمانی ناوچەکە کەم ناکاتەوە. هەربۆیە دەبێ ئاسایش زۆر زۆر ووریا بێت چونکە ئەگەر چەندجارێکی تر تەقینەوە ڕووبدات لەهەولێر یان مەخمور یان شارێکی تری کوردستان ئەوە بەدڵنیایی یەوە کارو ڕێگا لە پرۆسەی بازرگانی و ئاوەدان کردنەوە دەگیرێت چونکە زۆربەی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کارخانە یان کارگە ئەوروپی و یان عارەبی یەکان دەگەڕێنەوە بۆ وولاتانی خۆیان بۆیە دەبێ پۆلیس و ئاسایش زیاتر وووریابن و خەمخۆربن. دەگەڕیمەوە بۆ دێڕی چوارەمی ئەم بەشە کە ووتمان: لەوانەیە گروپە ئیسلامی یە توندڕەوەکان یان تیرۆرستەکان یان هەندێ ئیسلامی موعتەدیل بڵێن بۆ کورد دۆستایەتی لەگەڵ ئەوروپادا دەکات؟. لەوانەیە لەو تێڕوانینەوە بێت کە وولاتانی ئەوروپا موسوڵمان نین بۆیە نزیک بوونەوە حەرامە لێیان. بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە ئێمەی کورد سەدان ساڵە دۆستایەتی وولاتە موسوڵمانەکان دەکەین بەڵام ئەوان تەنانەت حیسابیشیان بۆ نەکردووین و چەندەها ساڵیشە دراوسێی وولاتە موسوڵمانەکانین نەک بەرگریمان لێبکەن بەڵکو چەوساوینەتەوە لەژێر ئاڵای درۆو دەلەسەیان بەڵکو بەپێچەوانەوە دراوسێکانمان و عارەب و موسوڵمانەکانی ئەم ناوچەیە یارمەتی ئەو دەووڵەتانەیان داوە کە کورد دەچەوسیننەوە. وە هەر ئەو دەووڵەتە ئیسلامییانە بوون کە ئاگایان لە ئەنفال و زیندەبەچاڵی گەلی کورد بووە بەڵام ئەوان ئەنفال و گۆڕی بەکۆمەڵ و ئەو هەموو زیندانانەیان نەدی تەنها دڵی دەووڵەتی عێراق و بەرژەوەندی خۆیانیان دەبینێ بەرامبەر چۆڕێ نەوت و ڕەگەزی عارەبی بوونیان لەلا گرنگتربوو تاوەکو موسوڵمانێتی ئێمە. لەنمونەی ئەو وولاتە بێویژدان و کافرانەدا وولاتی ئوردون و میسر بوون کە بەڕاستەوخۆ ئاگایان لە ئەنفال بووە بەڵام لەبەر دڵی عەگاڵ و عروبەو کاکە سەدام وورتەیان لەدەم نەهاتۆتە دەر. ئێستاش لەجاران خراپتر دژایەتیمان دەکەن ئەم دراوسێ و موسوڵمانە باشانە ئەوەنی یە جارێکی تر ئەنسارو قاعیدە زیندوو دەکەنەوەو یارمەتییان دەدەن بۆ ئەوەی کوردستان وێران بکەن. دەبێ دەسەڵاتی کوردی لەجاران ووریا تر بێت چونکە توند ڕەووەکان و قاعیدە بەرەو کوردستان دێن و دەستی یارمەتی وولاتی ئێرانیان هەیەو ئێران کۆمەکیان دەکات و ڕێگەیان بۆخۆش دەکات. دەبێ کوردیش بکەوێتە خۆی کە ئەم دەستکەوتانەی باشور کە خوێنی پێشمەرگەو کوڕی هەژارانە بیپارێزن و لەدەست نەچێت. پرسیار.. چۆن ئەو دەستکەوتانەی باشوور لە کیس ناچن؟.

1/ نەهێشتنی گەندەڵی بەهەموو شێوەکانی یەوە.

2/ خەڵکی هەست بە هاووڵاتی بوونی خۆیان بکەن.

3/ دادگایی کردنی تاوانبارو خیانەتکارو پاشەڵ پیس کەدەستیان لەخوێنی کوڕی خەڵکیدا هەیەو بەشداری ئەنفال و قڕکردنی کوردیان کردووە.

4/ مافی ئافرەتان / ژنان و دادگایی کردنی بکوژانیان و حەرام کردنی کووشتنیان.

5/ گرنگی دان بەقوتابخانەو بواری ڕۆشنبیری.

6/ یەکبوون و برایەتی لەسەر بنەمای خزمەت بەخەڵک کردن و نەهێشتنی هەژاری و نەخوێندەواری.

م. حەمید عەزیز
Hamid773@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.